# تورکەکان چییان لە کورد دەوێت؟

١. لەناوبردنی تاکە بە تاکی (پ.ك.ك) و گەریلای "هێزی پاراستنی گەل"، ئەویش بە دەستی کورد خۆی.

٢. لەناوبردنی دێ تێ پێ، پارتی کۆمەڵگای دیموکراسیی و هەموو دامەزراوەیەکی دیموکراتیی کورد لە تورکیا،

٣. بردنەوەی کوردی باکوور بۆ ساڵانی نێوان ١٩٢٥ و ١٩٨٠

٤. وازهێنان و دەستهەڵگرتنی کورد بە یەکجارەکیی لە کەرکووك، خانەقین، دیالە، موسڵ و ئەو ناوچانەی دیکەی کوردستان کە تا ئێستا ڕزگار نەکراون.

٥. لابردنی هەویەتی ئێستای کوردی باشوور و تەنانەت دژایەتیکردنی مافی ئۆتۆنۆمی و بردنەوەی کوردی باشوور بۆ سالانی سەرەتای هەشتاکان. تێبینی پێوەندیەکانی تورکیا و ئێراق لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە بکەن. تا ئێستا تورکیا "حکومەتی هەرێمی کوردستان" بە ڕەسمی "ئیدارەی باکووری ئێراق" ناو دەبات. وشەی "کورد" و "کوردستان" لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر قەدەخەیە. تا ئێستاش تورکیا بە ڕەسمیی سەرکردایەتی کورد لە باشوور بە سەرەکعەشیرەت ناو دەبات،

٦. دامەزراندنی حکومەتێکی تورکەمانیی.

## چۆن؟

تورکیا ئیتر ناتوانێت چیدی بەرەنگاریی هێزی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بێتەوە و لە هەموو شەڕێکی سەربازییدا لەم دوواییانەدا دۆراوە و لە ڕووی سیاسییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دووا دەکەوێت. تەنها کارتێك بە دەستیەوە بێت ئەوەیە کە زۆر بۆ کوردی باشوور بهێنێت تا شەڕی دژ بە کوردی باکوور بکەن. بەو شێوەیە کوردەکان لە یەك بدەن و تورکەکانیش خۆ بە ناوبژیکار و بە ئاشتیخواز ناوزەند بکەن و لەسەر حیسابی خوێنی کورد سەری خۆیان بڵند بکەن.

## ڕۆڵی ئێران

ئێران کە دەزانێت هەوڵی تورکیا لە ڕاستییدا تاکە ڕێگایەکی دروستە کەوتووەتە ناو هاوکاریەکی ئابووریی، سیاسیی و سەربازیی قووڵەوە لەگەڵ تورکیا. بۆ نموونە شەڕی خانەقین و جەلەولا و دیالە دژ بە کورد، شەڕی ئێرانە، نەك ئێراق. ئێران ناخوازێت هێزی کورد بەرانبەر ئەو سنووره ناسکانەی کوردی ڕۆژهەڵات کە سنە و کرماشان و ئیلام دەگرنەوە، هەبێت. بۆمبابارانکردنی قەندیل و دەوروبەریشی هەر لەو چوارچێوەیەدایە.

بەڵام دیارە مەبەستی تورکیاش و ئێرانیش بە پلەی یەك هەراسانکردنی کوردی باشوورە. تورکیا و ئێران دەیانەوێت "ئێمە" و "ئەوان" بخەنە ناو کوردی ئەمدیو و ئەودیوەوە.

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

**Parti socialdemokrati Kurdistan (PSDK)**

تورکیا و ئێران هەر بە تەنیا داگیرکار نیین، بەڵکو هاوکات  لە کوردستان ڕەفتارفاشیستیشن. تورکیا و ئێران نە کوردی داگیرکراوی ڕاستەوخۆی ژێر دەستی خۆیانیان دەوێت و نە کوردی دەرەوەی دەستی داگیرکاری خۆیان. هەموو کوردێك لە ڕووانگای ئەوانەوە سەرچاوەیەکە بۆ هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە ئاسایشی نەتەوەیی ئەوان. بۆ ئەوان کوردی باش ئەو کوردەیە کە واز لە کوردبوون دەهێنێت یان لە گۆڕدایە.

## چار چییە؟

- چارەسەری دروست وەدەرنانی سوپای داگیرکارە لە کوردستان کە سوپایەکی بکوژ و دڕندەیە.
- پێکەوەبوون و هاوکاریکردن و هاوپشتیە
- نەفرەتە لە داگیرکار و داگیرکەریی و لەوانەی خزمەت بەو بیرە دەکەن

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٨/١٠/١٧